# زەبر و زەنگ وەک شێوازی "شۆڕشگێڕانە"

**ڕەزا موستەفاسوڵتانی**

ریئالیستەکان (واقیعگەراکان) شێوازیکی ئاکتیف و شوڕشگێڕانەی دوور لە زەبر و زەنگ هەڵدەبژێرن. کۆمەڵێک هۆ و دەلیلی ئیخلاقی بۆ دووری کردن لە بە کار هینانی زەبر و زەنگ هەیە. بەڵام ئەو پرینسیپە ئیخلاقیە جوانانە بە دەگمەن سەرنجی کەسانی دەرەوی دەستەی خاوەن باوڕ بەو پرینسیپانە بۆ لای خۆی رادەکێشێت. لیرەدا تێدەکۆشم بە کورتی هۆ و سەبەبە سەرەکیەکانی ستراتیژی دووری لە زەبر و زەنگ تا ئەو جێگایە من تێ گەیشتوم باس بکەم. دەلیلە ئیخلاقیەکان بۆ من زۆر گرینگن بەڵام لەم نوسراوەدا زۆر بە کورتی باسیان دەکەم. ڕەخنە لە چەند جوڵانەوەی جۆراجۆر لەم نوسراوەدا پەلاماری شەخسی بۆ سەر هیچ دەستە و کەسایەتێک نییە، بەڵکو ڕەخنەیەکی بەجێ و ڕەوای نەزەرییە. ڕەخنە لە میتۆد و تیئوری بەشێکی زەروری و پێویستی بەردەوام بوونی پێشکەوتنە و مەرجی هاوکاریش لەبارتر دەکات.

### کۆمۆنیستەکان و ئانارشیستەکان

زۆر قابیلی تێگەیشتنە کە مارکسیست- لنینیستەکان لە سەدەی ١٩٠٠ دا خەباتی سەربازی و چەکداریان دژی کۆمەڵگای بورژوایی هەڵبژارد. لە بەر ئەوە تیئوری ئەوان بۆ دامەرزاندنی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی لە سەر دیکتاتۆری دەوڵەت و حیزبی خۆیان (دیکتاتۆری پرۆلیتاریا) و تێروری "دژی شۆرش" بنیات نرابوو.

بەڵام دیکتاتۆری لە رادە بەدەری دەوڵەتی ستالین زەربەیەکی گەورەی لە تیئوری مارکسیستی دەوڵەت دا. جوڵانەوە خەڵکییەکان لە ساڵی ١٩٨٩ لە ئوروپای ڕۆژهەلات و چین و ریفرمەکان لە سوڤیەت زیاتر تیئوری مارکسیستی دەوڵەتی( دەوڵەتیک سێحراویی و قابیل پەرستن) خستە ژێر پرسیارەوە. تیئوری خەباتی سەربازی و چەکدارانە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی و کۆمۆنیستی لە زۆر لاوە چوتە ژێر پرسیارەوە و پێویستی بە لێکۆڵینەوە وهەڵ سەنگاندنەوە هەیە.

چۆنە وا کەسانێک ناوی ئانارشیست لە خۆیان دەنێن و لایەنگیری لە بە کار هێنانی زەبر و زەنگ و توند و تیژی لە خەباتی خۆیاندا دەکەن و تەنانەت ئیستاش لە چالاکی خۆیاندا توند و تیژی بە کار دێنن؟ خەبات بە شێوازی توند و تیژانە لە گەڵ دووری کردن لە هەر چەشنە دەوڵەتێک، لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە سەر دەسەلات و دژ بون بە میلیتاریسم کە ئانارشیستەکان بڕوایان پێیە نایەتەوە.

ئانارشیستەکان لە هەبوونی ڕق و تورەیی و هەستی خەباتکارانە، بێزاری و بێتاقەتی لە ستەم و چەوساندنەوە حەقیان بەدەستە. ئەوان بە پێچەوانەی بەشگەلێکی زۆر لە ناو جوڵانەوەکانی سوڵح، ژینگە، کریکاری، ژنان، خویندکاران و ... بە چاکی لە پێویستی خەباتی ڕادیکال هەر ئیستا و هەر لێرە جوان تێگەیشتوون، و دەزانن شەڕ و خەبات زۆر لە مێژە دەستی پێ کردووە، بەڵام خراپ لەوەی کە چ ئامرازگەلیک بۆ ئەو مەبەستە پێویستە تێگەیشتوون.

### نا بۆ توندوتیژی بە شێوازی کۆنەپارێزانە یان شۆڕشگێڕانە؟

دژایەتیەکی کونەپاریزانە لە گەڵ زەبرو زەنگ و توند و تیژی هەیە کە پاسیڤ بوون لە بەرانبەر بێ عەداڵەتیدا پەسەند دەکات و پڕوپاگەندە بۆ لە فەرمان دەرنەچوون لە بەرانبەر یاسادا دەکات. تێڕوانینێکە تەنیا سەبارەت بەوە کە خۆت توند و تیژی بە کار نەهێنی.

دژایەتیەکی شۆڕشگێڕانە لە گەڵ زەبر و زەنگ هەیە کە لە بەرانبەر هەر چەشنە زوڵم، ستەم و چەوساندنەوەیەکدا لە ڕیگای هاوکاری نەکردن لە گەڵ دام و دەستگا و ساختاری زاڵم و چەوسێنەردا

بەربەرەکانی دەکات. تێڕوانینێکە سەبارەت بەوە کە بە یارمەتی ئامرازی دژبەری توندوتیژی وەک هەڵسەنگاندن، بەهاگەلی بناخەیی، شێواز و ڕەفتاری مروڤایەتی لە گەڵ توندوتیژی بەربەرەکانێ بکات.

گاندی زۆر باوڕی بەوە هەبوو کە هەمیشە دەکرێت ڕێگا چارەیەک بۆ دووری کردن لە توندو تیژی ببینرێتەوە. گاندی کوتویەتی کە باشترە لە بەرانبەر بێ عەداڵەتیدا بە یارمەتی زەبروزەنگ بەربەرەکانێ بکرێت تا بە هۆی ترسەوە فەرمانەبەری بکرێت، و بە شێوەیەکی پاسیڤ چۆکدابدرێت. گاندی بە شێوەی دووری لە توندو تیژی وەک ئامرازی خەبات شۆڕشگێڕ بوو.

**ڕوانگەیەکی ستراتیژیک**

خەبات و چالاکی بە شێوەی ئارام و دوور لە توند و تیژی ناکرێت هەر کات ئینسان کەوتە هەلومەرجێک کە پێ وابو لەوانەیە بە کار هێنانی توند و تیژی و زەبر و زەنگ "ئەنجام و دەسکەوتی چاکتر و خێراتری" هەبێت دەستی لێ هەڵ بگرێت.

ئەگەر بەڕاستی بمانەوێت تێ بەکۆشین کە کۆمەڵگا بەرەو گۆڕان بەبەێن، ناکرێت لە هەبونی بەهشتی خەیاڵی لە داهاتووی دووردا وەک ئامانجمان، و یان لە تورەیی و نائومێدی نزیکبینانەی شەخسی خۆمان بە هۆی زوو نەگەیشتن بە دەسەڵات و "ئامانج" وەک هۆ و پێناسەکەری رەفتاری توند و تیژی خۆمان و حیزبەکەمانەوە دەست پێ بکەێن و کەڵک وەر گرین.

ئیمە دەبێ بتوانین پرس و مەسەلەکان هەم لە کورت و هەم لە دوور ماوەدا و هەم لە ئاستی تاکە کەس و کۆمەڵگادا بخەینە ژێر چاوەدێری. ئیمە پێویستمان بە ستراتیژیەک هەیە کە ئاکام و ئەرکی بەر پێ ئەمرۆمان لە ئیستادا لێ وەرگرێن. ئیمە پێویستمان بە هیچ دوکترینێکی تازە و لە سەر بەرد نوسراو و نەگۆڕ کە دەبی وەک کۆیلە دوای کەوین نییە. بەڵام پێویستمان بە ڕیبازێک کە بە تێگەیشتن و هەستی وشیارەوە لە هەلو مەرجی نوێدا تەتبیق بدرێت و پراکتیزە بەکرێت هەیە.

**ئامانجی ستراتیژی**

ئەگەر ئیمە تا ڕادەیەکی زۆر لە سەر ئەوە کە بەردی بناخەی ئامانجمان ئەوەیە کە کۆمەڵگا بەرەو ڕزگاری لە دیکتاتوری دەولەت و هێزی نیزامی و خاوەنداری سەرمایە بڕوات، و بە جێگای ئەوانە فیدارسیۆنگەلێکی گشتی و بە کۆمەڵ کە لە ڕیگای پرینسیپەکانی دیموکراسییەوە بەڕێوە دەچن دابنرێت، تا کۆمەڵگا چ لە بواری سیاسی و چ لە بواری ئابوریەوە بەڕێوە ببرێت یەک دەنگین، سەرئەنجام دەگەێنە دیاری کردنی ستراتیژی خۆمان لە سەر چونیەتی پێش بردنی خەباتی هەمەلایەنە. ئەو سێ کۆڵەکەیەی ژێرخانی کۆمەڵگا کە برێتین لە دەوڵەت، هێزی نیزامی و خاوەنداری سەرمایە دەبێ لە ڕێگای خەباتی هاوبەش و جەماوەریەوە لابرێن.

کۆمۆنیستەکان لەم ستراتیژیەدا سەر نەکەوتن لە بەر ئەوە تێکۆشان یەکێک لەو سێ کۆڵەکەیە (خاوەنداری سەرمایە) لە ڕێگای بە هێز کردنی ئەو دوو کۆڵەکەکەی ترەوە(هێزی نیزامی و دەوڵەت) لە ناو بەبەن.

سوسیالدیموکراتەکانیش هەر چەند بە بەراورد لە گەڵ کۆمۆنیستەکان دەسکەوتی سیاسی و ئابوری زۆر بە نرخیان بۆ کۆمەڵگای بەشری بە دەست هێناوە، بەڵام لە بەر ئەوە ویستویانە ریفورم لە هەر سێ کۆڵەکەکەدا بکەن بە بێ ئەوەی دەست بۆ ساختاری بناخەیان ببرێت لەو ستراتیژیەدا سەر نەکەوتوون.

ئەگەر هەبونی ئازادی دەربڕینی بیر و ڕا و چاپەمەنی، پێکهێنانی ڕیکخراوە، نەمانی هەڵاواردن بە هۆی جنس، ڕەگەز، ئەتنیک و رەفتارەکانی دیکەی ئینسانەوە لە ئامانجماندا هەیە، ئەوجا ڕێبازی ستراتیژیک بۆ خەباتی سوسیالیستی ئازاد و دیموکراتیک (نە سوسیالیسی دیکتاتور) زۆر ئاشکراتر خۆی

دەردەخات. ڕوخسار و ڕواڵەتی ئامانج لە سەر هەڵبژاردنی ئامراز و شێواز بۆ گەیشتن بە ئامانج کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە.

**بۆچی نا بۆ کەڵک وەرگرتن لە توند و تیژی؟**

بۆ ئەوەی هێمنی و دووری لە توند و تیژی وەک شێوازی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کاریگەر و سەرنج ڕاکێش بێت، دەبێ ئەم شێوازە بتوانێت لە کردەوەدا لە کێشە و ناکۆکیەکانی ناو کۆمەڵگادا بەجۆرێک لە گەڵ توند و تیژی بەرەوڕوو ببێتەوە کە ستەم و سەرکوت و چەوساندنەوە و توندو تیژی کەم کاتەوە.

دەنا ئەگەر هەموو جارێک توندوتیژی لە بەرانبەر ئەوانەی وا کە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیاندا لە شێوازی ئارام و دوور لە توند وتیژی کەڵک وەر دەگرن سەرکەوتن بە دەست بێنێت، کۆیلەیی و شکست و ژێردەستەیی بە سەر هەموو لایەنگرانی خەباتی ئارام و دوور لە توندو تیژی دادەسەپێت.

بەڵام هەڵبژاردنی ئاگایانە و بە ئێنقەستی توند و تیژی فیزیکی لە دژ ئینسان، کە لە شکڵی ڕێکخراودا وەک میلیتاریسم ناسراوە، وەک ئامرازی شۆڕش کردن نەچوتە ژێر پرسیارەوە. بەر چاو بوونی توانایی و فرە لێهاتویی لە بە کار هێنانی توند و تێژی بۆ بە دەست هێنانی دەسەڵات زۆر لە مێژە زەرەر و زیانی توند و تیژی داشاردووە. ئەوجورەی کە پێویستە زەرەر و زیان و دەرئەنجامەکانی ململانێ و کێبڕکێ توند تیژی ڕێکخراو لە ئاست ئینسان لە بەر چاو نەگیراوە و ئیمکانی دیتنەوەی ئالترناتیڤی دیکە کەوتووەتە پەراوێزەوە.

کاتێک توندوتیژی لە ژێر ناوی "پارێزگاری لە دەسەڵات و ئامانجی پیرۆز" وەک ڕەوشت بە دروست زانرا و بە کار هێنرا، دەرگا بۆ میلیتاریسم کراوتەوە. ئەوکات لە هەلومەرجێکی دژوار و قەیرانی و پڕ لە نیگەرانی ڕەئاکسیونی پارێزگاری لە خۆ بە کەڵک وەرگرتن لە زەبر و زەنگ دەبێت بە قاعیدە و ستراتیژی.

تێگەیشتن لە کەسێک یان گرووپێک لە خەڵک کە دوای چەند ساڵ ستەم و چەوساندنەوە و هەژاریی و ناهەقی، توند و تیژی وەک پاریزگاری لە خۆ و لە مافەکانیان بە کار بێنن هیچ دژوار نییە. ئەوە ڕەئاکسیونێکی تەواو سروشتییە و تەنانەت قابیلی تێگەیشتنە لە بەر ئەوە " توند و تیژی دیسان توند و تیژی بە دوای خۆیدا دێنێت" بەڵام هەر دروست نییە.

گیر لەوەدایە کە تجروبە و مێژوو نیشانی داوە دوای ماوەیەک ستراتیژیک بۆ ڕاگرتنی دەسەڵات بە هەر قیمەتێک دادەنرێت کە پارێزگاری جێگای خۆی دەدات بە هێرش و ستەم و چەوساندنەوە. بە هەمان ئەندازە کە زەبر و زەنگ بە کار دەبرێت، ستەمکار(بە ئەنجام گەیەنەری زەبر و زەنگ) دڕندەتر و بێ ڕەحمتر دەبێت و هەر چی بەرفراوانتر سنوور و ئاستەنگە ئیخلاقیەکان وەلادەنرین.

**دەسەڵات و هاوکاری**

بە کردەوە دەرهێنانی دەسەڵات لە سەر هاوکاری بنیات نراوە، بە بێ لە بەرچاوگرتنی ئەوە کە دەسەڵاتەکە دیموکراتیک بێت یان دیکتاتور، دادوەر و عادیلانە بێت یان ناعادیلانە. جاروبار هاوکاریەکە دڵخوازانەیە و جاروباریش ئیجباری و داسەپێندراو. "دەسەڵاتداران" هاوکاری ئاکتیڤ لە هەندێک خەڵک وەک ئەندامانی دام و دەستگای هێزی نیزامی و پۆلیس داوادەکەن و بە هاوکاری پاسیڤی خەڵکەکانی دەرەوی دام و دەستگای سەرکوتگەر ڕازی دەبەن.

هیتلێر، موسولینی،خۆمێنی، سەدام حوسێن و ئەحمەدی نژاد هەر وەک من و تۆ بی دەسەڵات دەبوون (دەبن) ئەگەر خەڵک گوێڕایەڵی بڕیاری ئەوان نەبۆایەن( نەبن). هاوکاری هەندێک گرووپ لە نێو

خەڵکدا وەک سەرباز و پاسدار و پۆلیس گرینگترە چونکە ئەوان دەتوانن خەڵکیتر مەجبور بە هاوکاری لە گەڵ دەسەلآت بکەن.

هەر بۆیە دیسیپلین و نەزمی توند و دەسەلآت لە لای هەندێک کەس لە نێو ئەواندا کۆ دەبێتەوە و گوێڕایەڵی و لە فەرمان دەرنەچون دەبێت بە شتێکی زۆر ئاسایی و عادی. بە بێ هاوکاری کریکار، جوتیار، کارمەند، خوێندەوار، نامەبەر، شۆفیر و... دەسەڵاتداران ناتوانن قەت دەسەڵاتی خۆیان بە کار بێنن و دایسەپێنن.

ئەم ڕاستییە نەک تەنیا لە وڵاتانێک کە دیکتاتور حوکم دەکات بەڵکۆ بیگۆمان لەو جیگایانەش وا خەڵک داوای نفوز و کاریگەریی لە سەر دەسەلآت دەکەن هەر موعتەبەرە. ئەم ڕاستییە لە وڵاتانی ئوروپای ڕۆژئاوا کە بە هۆی جوڵانەوەی بەرین و دیموکراسیخوازی خەڵکەوە مافگەلێک وەک مافی مانگرتن، ڕێکخراوە، سەربازی کردن بە بێ چەک، دەنگ دان، ئازادی مەزهەب و دەربڕینی بیر و ڕا و چاپەمەنی، ئاگادار بونی سەندیکا و ئتحادیە لە پلان و بەرنامەی خاون کار بە پێ یاسا بە شێوازێکی زۆر ڕوون و ئاشکرا بەرچاو دەکەون. مافگەلێکی بناخەیی و سەرەتایی کە ئەمڕۆ لە یاسای بناخەییدا نوسراون پێشتر خەڵک لە سەریان سزا دەدران.

کۆمەڵانی خەڵک سەرەڕای سزای زیندان، دراویی(پوڵ و پارە)، بڕیبی ئەندام وئەشکنجە و ئازار بە نافەرمانی و هاوکاری نەکردنی خۆیان لە گەڵ دەسەلآت توانیویانە ئەو مافانە بۆ خۆیان دستەبەر بکەن و بە سەر دەسەڵاتداراندا دایانسەپێنن. بەڵام ئەوسا هەر وەک ئیستا دەسەڵاتداران بۆ ڕاگرتنی هەرچی زیاتری دەسەلآت لە دەستی خۆیاندا، بە شێوەی جۆراوجۆر تێدەکۆشن لە ژێر ئەرک و بەرپرسایەتی بەرانبەر بە خەڵک بخزێن.

بەڵام بە زانیاری لە سەر کەڵک وەرگرتنی دەسەڵاتداران لە هاوکاری خەڵک( وەک هێزی سەرەکی و سەرچاوەی دەسەلآت) لە گەڵ دەسەڵاتداران، دەگەێنە سەر ئەو قەناعەتە کە ئێمە دەبی لە پێشدا لە لایەک لە سەر ئەوە گرووپ و کەسەکانی نێو ئەرتەش و پۆلیس و دام و دەستگای سەرکوت( وەک بەشێک لە خەڵک) کە بۆ بەئەنجام گەیاندنی دەستووری دەسەلاتداران لە گەڵ دەسەڵاتداران بە شێوەیەکی ئاکتیف هاوکاری دەکەن و لە لایەکیترەوە کۆمەڵانی بەرینی خەڵک کە بە گوێڕایەڵی خۆیان بە شێوەیەکی پاسیف لە گەڵ دەسەڵاتداران هاوکاری دەکەن، تەئسیر دانێن نەک دەسەڵاتداران.

کە وابو لە ڕاستیدا ئەم بۆچونە بۆ خۆی لە دژی بەکارهێنانی زەبر و زەنگ وەک ئامرازێکی پێشکەوتنخواز دەدووێت. ئەگەر زەبرو زەنگ بۆ "خستنە دەستی دەسەلآت" بە کار هێنرا لە باشترین وەزعدا ژمارەیەکی کەم لە ئاڵوگۆری ستروکتووری کە بە قازانجی خەڵک بێت، بە دەست دەهێنرێت.

بەڵام بە پێچەوانە ڕیسک و مەترسی گەندەڵ بوونی دەسەڵاتداران یان بە هۆی "دڵگیر بوونی دەسەلآت" یان بە هۆی پارێزگاری لە پلە و مەقامی خۆ لە بەرانبەر تێکۆشانی کەسانیتر بۆ داگیر و زەوت کردنی دەسەڵاتەکەیان یەکجار زۆرە، هەروا کە مێژوو تا ئێستا زۆر نموونەی تراژیک و دڵتەزێنی نیشان داوە.

دەسەڵاتداری تازە بە دەسەلآت گەێشتو هەمیشە بە بەکارهێنانی زەبر وزەنگ لە دەسەڵاتی دیفاع و پاریزگاری دەکات. پەلاماردەران بۆ سەر دەسەلآت یان وەک ئاژاوە گێڕ و نەیاری ناوەکی(ناو وڵات یان حیزب خۆیی) و یان وەک دوژمنی دەرەکی و لاوەکی (حیزب و وڵاتانی دیکە) لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە ناو دەبرێن.

پلە و مەقامی دەسەڵاتداران لە ناو حیزب و دەوڵەت دا دەبێتە بناخەی "سیاسەتی باوڕمەندو وفادار" و زۆر بە ئاسانی بەشێک زۆر لە کەرەستە و توانایی خۆیان بۆ پێشگیری کردن لە بە ئەنجام گەیاندنی "پیلانی دژی شۆڕش و دژی سیاسەتەکانی حیزب" بە کار دەبەن. هەرچی زیاتر لە گەڵ راوستان و

بەرگریی دژی زەبر و زەنگ بەرەوڕوو ببنەوە و هەرچی زیاتر بیانەوێت دەسەڵات لای خویان ڕاگرن، بە هەمان ئەندازە ئامادەی بەکارهێنانی زەبر و زەنگ دەبن.

ئەگەر ئانارشیستێک بڵێت: حوکمەتی تازەمان پێویست نییە و هەموو حوکمەتەکان دەبێ لەناو ببرێن. چی؟

هیچ ئانارشیستێک نابی پێ وابێت کە بە کەڵک وەرگرتن لە هەندێک زەبرو زەنگ و کوشتنی چەند سیاسەتمەدارێک دەکرێت دەوڵەت لە بێن ببرێت. لەوانەیە باریکاد و سەنگەر گرتن( لە سەدەی ١٨٠٠ زاییندا لە لایەن مارکس و ئنگلسەوە بە هۆی دەسەڵاتی میلیتاری دەوڵەتەوە وەک ئیمکان و ڕێگای شۆڕشگێڕانە هەڵدەسەنگێندرا) و یان بەرد هاویشتن هەندێک دەسکەوت و سەرکەوتنی سنووورداری لێ بکەوێتەوە.

بەڵام زۆر گرینگە کە تێ بگەێن تاکتیکی چوونە سەنگەر تەنیا بەشێک لە ململانی فیزیکییە بۆ دەسەڵات و ئەگەر بارودۆخی سیاسی ئیجاب بکات و پێویست بێت دەوڵەت پۆتانسیەلێکی یەکجار زۆری بۆ بە کار هێنانی زەبر و زەنگ هەیە و ملیتار و پۆلیسی دەوڵەت لە باری تەکنیک و مادی و کەرەستێیشەوە بە تەواوی دەستی باڵایان هەیە.

ئانارشیستێک کە دەیهەویت بە زەبر و زەنگ بەرەنگار دەوڵەت بێتەوە دەبی ببێت بە سەربازی سوپایەک. هێزی نیزامی و مەیل بۆ کوشتن لە ئەو سوپایەدا دەبی لە هێزی نیزامی سوپایی دەوڵەت زیاتر و بەهێزتربێت. ئانارشیستەکان کە باوڕیان بە زەبر وزەنگ و ململانی فیزیکی هەیە، ناچار دەبن بچنە نیو بگرە و بەردەیەکی ئاڵۆز و ڕوو لە زیاد بوون (هەر وەک ئەرتەشی سووری وڵاتانی ئوروپایی ڕۆژ هەڵات تێ کەوتن) هەر چەند لە سەرەتای دەست پێکردنی خەباتەکەدا لە ڕواڵەتدا ئامانجی سیاسی جیاوازیشیان هەبێت.

بە ڕاشکاوی دەکرێت بەگوترێت کە زەبر و زەنگ وەک شێوازی ڕاوستان و بەربەرەکانێ <u>تەنیا</u> ڕووی لە پلە و مەقامی دەسەڵاتە لە <u>سەرەوە</u>، بەڵام شێوازی خەباتی دووری لە زەبر و زەنگ وانییە. شێوازی دووری لە توند و تیژی ڕووی لە ئاڵوگۆڕ و هێنانە خواری دەسەڵاتە لە <u>بنەوە</u>.

<u>خەڵک هەم ئامرازە و هەم ئامانج</u> لە تێکوشان و خەبات دژی ناهەقی کردن لە لایەن دەسەڵاتەوە و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگادا<u>. لە ڕێگای هەڵمەتی نافەرمانی جەماوەری بەئاشکرا و بە هێزەوە و خستنە ڕووی ئالترناتیڤی خولقێنەر و بنیاتنەر و ورەبەرزکەرەوەوە دەکرێت خەباتێک بە بێ زەبر و زەنگ و توند و تیژی ئاڵوگۆڕی ساختاری وستروکتوری لە کۆمەلگادا بە دەست بهێنرێت.</u>

زەبر و زەنگ تەنیا دەتوانێت ئینسانەکان ناچار بکات کە رەفتاریان لە گەڵ زەبر و زەنگ یەکخەن و بەگونجێنن بەڵام ڕاوستانی بە بێ زەبر و زەنگ دەتوانێت <u>تێگەیشتنی ئینسانەکان بگۆڕێت</u>. بە بێ هاوکاری لە گەڵ دەسەڵات، دەسەڵاتداران بە تەنیا دەمێننەوە و لە دەسەڵات دەکەون.

**ئامانج و ئامراز**

یەکێک لە کۆمەکە گەورەکانی گاندی بە مرڤایەتی بردنە پێشی ئەو تیئورییە بوو کە <u>ئامانج و ئامراز</u> بە شێوەیەکی پێویست <u>لە یەک گرێدراون</u>. مەبەستی گاندی ئەوە بوو کە ناکرێت لە ڕێگای بە کارهێنانی ترور، ئەشکنجە، شەڕ و ناهەقی و ناعەدالتییەوە بەرو کۆمەڵگایەک بڕوی کە ئازادی، سوڵح، دادوەری و یەکسانی تیدا بێت. بە پێچەوانە کۆمەڵگا پڕ دەبێت لە ترور و ئەشکنجە و شەڕ و ناهەقی. دیارە ئەمە یاسا و دەستوورێکی سادە و هاسان سەبارەت بە پەیوندی نیوان سەبەب و ئاکام لە هەموو کاتێک و بەشەکانی خەباتدا نییە، بەڵام لە درێژخایەندا و کاتێک کە خەبات بە هەموو کۆمەڵگاوە پەیوەندی هەیە، ئیعتیباری هەیە.

دەتوانیین لە خۆمان پرسیار بکەین کە بە چ کۆمەڵگایەک دەگەین ئەگەر بە کار هێنانی زەبر وزەنگ وەک شێوازی ئاڵوگۆڕ قبووڵ بکرێت؟ چۆن دەکرێت بە بازنەی خراپ و دزێوی توند و تیژی و دژی توند و تیژی کۆتایی بهێنرێت کە ئیستا لە دونیادا حوکم دەکات؟

ئەو کۆمەڵگایە دەبی چۆن بێتە پێش چاو ئەگەر لەوێدا فێمێنیستەکان، کۆمۆنیستەکان، سوسیالیستەکان، ژینگەپارێزەکان، ناسیونالیستەکان، سوڵح خوازەکان، ئانارشیستەکان، ئاژەڵ پاریزەکان و ... بیانەوێت لە توند و تیژی وەک شێوازی بەرگریی و ڕاوستان لە بەرانبەر دەسەڵاتداراندا کەڵک وەرگرن؟

بەهەمان ئەندازە کە جوڵانەوەیەکی بەرهەڵستکار دەسەڵاتی زیاتر بە دەست بێنێت توند وتیژی ڕوو لە خەڵکی ناو جوڵانەوەکە وەک نەیاری سیاسی، پێشبڕکێکار و "خائین" چاوەڕوانکراو بە ڕیبازی جوڵانەوەکە زیاتر بە کار دەهێنرێت. ئەگەر پێش گەیشتن بە دەسەڵات شەڕی ناوخۆیی دەست پێ دەکات داخۆا سبەینی چۆن وڵات پێکەوە ئیدارە دەکەن؟ ( لێکترازان و پارچە پارچە بوون و شەڕە ناخۆییەکانی هێزە سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان نموونەگەلێکی زۆر زەقن).

گرفتێکی گرینگ سیاسی لەو ململانێیەی دەسەڵاتدا ئەوەیە کە زۆرتر هێزی میلیتاری (سەربازی) حیزب و ڕیکخراوەکانە کە میزانی سەرکەوتن و پێش چونی سیاسی دیاری دەکات. ئەو سەرکەوتنە دەکرێت هیچ یان زۆر کەم پەیوندی بە ئەو سیاسەتانەوە  کە خەڵک لە وڵات دا دەیانەوێت، هەبێت. یان دەکرێت سیاسەتی " ڕاست و دروست" سەرکەوتن بەدەست بێنێت، بەڵام هیچ زەمانەتێک بۆ ئەوە گروپێکی (لە کوردستاندا تایفەیەکی) باڵادەست و چاوبرسی و تماکار هەمووو دەسەڵات و سەروەت و سامان لە ژێر دەست خۆیان نەنین و هەموو یان بەشێکی زۆر لە ئەو بەڵێنیانەی بە خەڵکییانداوە نەشکێنن، نییە. ئەوجا دووبارە کاتی شۆڕشێکی تر دێتەوە. پرسیار ئەوەیە بە چ ئامرازێک؟

**بەڕاستی دەکرێت سوسیالیزم لە ڕیگای شەڕەوە دابەمەزرێت؟**

پێداچونەوە بە تیئوری شۆرش مارکس یەکێک بەشەگرینگەکانی پێداچوونەوە بە مارکسیسم دایە. تیئوریزانی شەڕی نیزامی پروس، بەشێک لە ئالمانی ئیستا، کارل ڤون کلاوسویتز[1] ،دەڵێت: " شەڕ درێژە و بەردەوامی سیاسەتە بە ئامرازێکی تر".

لە بنچینەدا هەر هەمان بیر و تیئوریە کە لە سەر کۆمەڵێک تیئوریزانی سیاسی و رادیکاڵ هەر لە مارکس و ئنگلسەوە بگرە تا لنین، مائو،چەگوارا و ڕژە دەبرە کاریگەری هەبووە. مارکس و ئنگلس کە هەموو فەلسەفە، سیاسەت، ئابوری، مەزهەب، ئیخلاق و خانەوادەی کۆمەڵگای بورژواییان زۆر بنەڕەتی دابووە بەر ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، بەلام لە تیئوری شەڕی کلاوسویتز وەک پسپۆڕ و شارەزایەکی بێ لایەن، کە بوچونی ئاسایی ئەو سەردەمە لە سەر تیئوری شەڕی کلاسویتز بوو، کەڵک وەر دەگرن.

ئەوەی وا بۆ کلاوسویتز بە مانای سیاسەتی دەوڵەت و شەڕی دەوڵەت بوو، مارکس و ئنگلس وەک سیاسەتی چین (تەبەقە) و شەڕی چینایەتی تەرجومەیان کردەوە. بەڵام وەرگرتنی بە بێ ڕەخنەی ئەو تیئوریەی شەڕ لە کلاوسویتز کاریگەری و ڕەنگدانەوەی زۆر گرینگی لە سەر بیر و ڕای گشتی و روانگەی ئایدیۆلۆژیکی ئەوان، کە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی و شێوەی سەربازی بەشێکی ناوەندی لە سیاسەتی چینایەتی دایە، هەبوو. سەرنج ڕاکێش بوونی شێوەی خەباتی سەربازی بۆ زووتر گەیشتن بە دەسەڵات، تیزی دروست و بەناو بانگی مارکسی "تیئوری و زانیاری بڕوات بۆ ناو خەڵک دەبێت بە هێز بۆ شۆرش"-ی خستە پەراوێزەوە.

---

[1]- (Carl Von Calusewitz، ١٧٨٠ - ١٨٣١)

لنین هەنگاویکی زۆر زلتر دەنێت. بە ئیلهام وەرگرتن لە تیئوری شەڕی کلاوسویتز، حیزب لە جێگای دەوڵەتی کلاوسویتز دادەنێت. شەڕی چینایەتی هەم پێویست دەبێت و هەم دادوەرانە. لنین دەڵێت کە "شۆڕش شەڕە" و سوڵحی جیهانی تەنیا لە ڕیگای " شەڕیکی شۆڕشگێڕانەی نێونەتەوەییەوە" وەدی دێت.

**ئامریکای لاتین**

لە ساڵەکانی ١٩٦٠ زایینی لە ئامریکای لاتین ئەو تیئوریانەی شەڕ بە هۆی شۆڕشی کوباوە گۆڕانکاری تازەیان بە سەرداهات و تیئوری شۆڕشیان زۆر هاسان کردەوە. چەگوارا و ڕژە دەبرە بیر و بۆچونە تیئورییەکانی خۆیان گەشە پێدا. تیئوری ئەوان لە سەر فوکوس کردنی دستەیەکی چەکداری شۆڕشگێر (کوانوی شۆڕش) لە دەرەوەی شارەکان لە ئامریکای لاتین بۆ دەست پێ کردنی شۆڕش بەسە، پێ دادەگرت. پێیان وا بوو لە ڕیگای شەڕی پارتیزانیەوە شەرت و مەرجی ئوبژەکتیڤ (عەینی) و سوبژەکیتڤ (زەهنی) بۆ شۆڕش ئامادە دەکرێت.

بە پێ تیئوری فوکوس (فوکیسم)، مروڤ بە هەبوونی ویست و ئارەزوی شۆڕشگێڕانە و لە ڕیگای "ڕێکخستن و دەست پێ کردن و پێش بردنی شەڕێکی ناخۆییەوە" شۆڕش دەکات. شەڕ ئیستا ئیتر "درێژەی" سیاسەت نییە بەڵکۆ "کرداری سیاسی باڵادەست و بڕیاردەرە". ئیستا ئیتر سیاسەت نییە کە دیاری دەکات کە شەڕ بکرێت یان نا و ئەگەر بکرێت بە چ شێوەیەک بەڵکۆ شەڕە کە دیاری دەکات سیاسەت چلۆن بێت. هەر هەمان تیز و تیئوری کلاوسویتز وەرگیراوە و تەرجومەکراوەتەوە بەڵام بە مانای " شەڕی چینایەتی وەدیهێنەری سیاسەتی چینایەتییە".

تیئوری فوکوس لە ئامریکای لاتین ئالترناتیڤێکی رادیکال بوو بۆ جەوانانی مارکسیست – لنینیست کە پێیان وابوو حیزبە کۆمۆنیستەکان پاسیڤ و ریفورمیستن. حیزبی لنینی بوو بە فوکوس و لێبڕاوی پارتیزانەکان و شۆڕش ریبەرێکی "سیاسی- نیزامی" وەرگرت، کە شتێکی تەواو تازە بوو.

لنین و مائو هەردووکیان لە سەر دەسەڵاتی تەواوی حیزب بە سەر سوپای نیزامی پێیان دادەگرت و پێیان وابوو کە میلیتار تەنیا ئامێر و ئامرازێکە بۆ حیزب. بەڵام لە فوکیسم دا خەباتی سیاسی و چەکداری لە یەک جیا ناکرێنەوە و هەر بەوجۆرە بەرێوەبەرایەتی شۆڕشیش دەبی بە ڕێبەری سیاسی و نیزامی. ( هەموو حیزبە سیاسیە چەکدارەکانی هەر چوارپارچە کوردستان کەم و زۆر لە کردەوەدا ڕیبەری سیاسی و نیزامییان هەیە).

پرینسیپی "سیاسی- نیزامی" بە دوای بۆچونی مارکسیستی سەبارەت بە شەڕی پارتیزانی وەک گرینگترین چالاکی لە خزمەت شۆڕشدا هاتە کایەوە.

**میلیتاریسم**

سەرچاوە سەرەکی ئاڵوگۆڕی میژویی بە سەر تیز و تیئوری پیوندی نیوان سیاسەت و شەڕ هەر لە کلاوسویتزوە تا چەگورا لە قەناعەت و متمانەیەک لە نیو مارکسیستەکاندایە کە درەنگ یان زوو شۆڕش روو دەدات. متمانە بە روودانی شۆڕش لە گەڵ وڵامێکی ناڕوون بە پرسیاری چۆنییەتی روودانی شۆڕش هە میشە پێکەوە ژیاون. بەو جۆرە مارکسیستەکان بەردەوام ناچار دەبن تێ بکۆشن مارکسیسم لە رەوتی ڕووداوی میژویی جیاوازدا و لە هەل و مەرجی سیاسی، ئابوری و کۆلتوری نوێدا پیادە بکەن. ئامراز سنوور بۆ ئامانج دادەنێت و کاری تێ دەکات و لە پێشەوە ئامانج دیاری دەکات.

شەڕی ناخۆیی وەک ئامرازی نیزامی بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی، سوسیالیسم، لە سەر سوسیالیسم کاردەکات و سنووری بۆ دادەنێت و بڕیاری لە سەر دەدات. چالاکی لە شەڕدا و قاڵب و فورمی ڕێکخراوەی نیزامی پێوندی و هەل ومەرجی نوێ لە نێو ئنسانەکاندا دروست دەکات. بیر و بۆچونی پراگماتیکی و هیرارشی و دیکتاوری و وەک ئامیر چاو لە کۆمەڵگا و ئینسان کردن، دروست دەکات.

کاتێک ئینسان وا بیر دەکاتەوە و یونیفورم لە بەر دەکات و پلە و مەقامبەندی و مۆدێلی ڕێکخراوەیی دوژمن بۆ خۆی هەڵ دەگرێت، لە راستیدا دوژمن ئەو ئینسانەی وەک خۆی لی کردووە و سەرکەوتنی بە دەست هێناوە.

**کێ بە راستی شۆڕشگێڕە؟**

ئیمە ئەمڕو بەڕاستی زۆر پێویستمان بە تیئوریەکی پێشکەوتو بۆ شۆڕش کردن بە بێ کەڵک وەرگرتن لە توند و تیژی و زەبر و زەنگ هەیە، بەڵام گەورەترین کۆسپ نەبوونی زۆر بەر چاوی کردار و کردەوەی شۆڕشگێڕانەیە.

زۆر حیزب، رێکخراوە، گرووپ و دەستە وەک کۆمۆنیستەکان، سوسیالیستەکان. ناسیونالیستەکان، پارێزەرانی مافی مروڤ، ژن، منداڵ، سوڵح خواز، ئانارشیست، سندیکالیست و ... خۆیان بە شۆڕشگێر ناودەبەن. زۆر لە وانە بانگەوازی ئاڵوگۆڕی خێرا و ڕادیکال "پێش ئەوەی درەنگ بێت" دەکەن.

هەتا بڵێ شورشگێڕ زۆرە و کردەوەی شۆڕشگێرانە کەم. کردەوەی شۆڕشگێڕانە بە بێ تیئوری کردارێکی هوشمەندانە نییە، بەڵام تیئوری شۆڕشگێڕانە بە بێ کردەوی شۆرشگێڕانە بەر لە هەر شتێك چاکترین پاڵپشتی زۆڵم. ستەم، چەوساندنەوە و سەرکوتە.

١٦-١١-٢٠٠٨

سەرچاوە:

1) By other means: from Clausewitz to Guevara: war, revolution and politics in the Marxist tradition of ideas. Peralta, Amanda, 1990, University of Gothenburg, ISBN: 91-86320-21-1, URI: http://hdl.handle.net/2077/13577

2) Handbok I civil olydnad, av Per Herngren. http://ickevald.net/perherngren/handbokicivilolydnad.htm